# تالان کردن بەربەرییەتە

لە ژمارە (260 ) ڕۆژنامەی میدیا کە لە ڕۆژی 3\10\2006 دەرچووە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەری تێدایە لە گەڵ کاک (خەسرەو گۆران) جێگری پارێزگاری موسڵ ، کە دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەرەی یەک و نۆدا بڵاوکراوەتەوە . لەم چاوپێکەوتنە کاک خسرەو وەکو جێگری پارێزگاو وەکو لێپرسراوێکی کورد لەسەر ڕەوشی موسڵ و هەڕەشەکانی سەر کورد وەڵامی چەند پرسیارێکی داوەتەوە. تێبینی زۆر هەیە لەسەر وەڵامەکانی ئەو ، بەڵام ئەوەی جێگای ڕەخنەی سەرەکیە لەو پەرەگرافەدا دەست پێ دەکا کە کاک خەسرەو لەوەڵامی پرسیارێکدا دەڵێ :-

(( **ئەگەر لە موسڵ ببێتە شەڕی کوردو عەرەب ئەو کات داوا لە عەشیرەتە کوردەکان دەکەین بێن موسڵ تالان بکەن** )) ئەم قسەیە ڕۆژنامەی میدیا بە گەورەیی لە لاپەرەی یەکەمی داناوە .

پێش هەموو شتێک لێپرسراوە کوردەکان دەبێ لە هەموو کەس زیاتر هەست بە حەساسیەتی پلەوپایە ئیداریەکانیان بکەن لە شارەکانی وەکو موسڵ و کەرکوک ، ئەبێ ئەوان لە هاولاتیان زیاتر لە هەوڵی دامرکاندنەوەی حالەتەکانی سیناریۆی شەڕی میلەتەکان بن ، هەر تەسریحاتێک بە بیانووی چاوترسێن کردنی دوژمنانی کورد زەمینەی ئیعلامی شەڕی لەو بابەتە خۆش بکا دەچێتە خانەی خزمەت کردن بە ئایندەیەکی خوێناوی کە وەزعی ئەمڕۆی عێراق هیچ نابێ لە چاو ئەوەی دێ .

ئەو عەشیرەتە کوردانەی کاک خسرەو وەکو کۆماندۆیەکی ئیحتیات و وەکو سرکە هەڵی گرتووە ، هەر ئەوان و هێزی لە بابەتی ئەوان بوون لە بەرگی جاشەیەتیدا چاوساغیان بۆ سوپای بەعس کرد لە سالانی 1987-1988 دا بۆ تالان کردنی دێهاتەکانی گەرمیان لە شالاوەکانی ئەنفالدا .

لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە عەشیرەت و بەرز کردنەوەی ڕۆڵی عەشیرەت لە ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی دەوڵەتدا یەکێک بووە لە سەرەتانەکانی کۆمەڵگەی عێراق و کۆمەڵگەی کوردستان . ئەزموونی فاشیزم لە عێراقدا لە ڕێگای حکومەتی بەعسدا نموونەیەکی بەرجەستەی عەشیرەت و عەشیرەتگەرایە لە هەرەمەکانی بەڕێوەبردن و مومارەسەی خێڵەکیانە بۆ وردو خاش کردنی سیما مەدەنی و ئینسانیەکانی تاکی کورد و تاکی عێراقی .

ئەگەر کورد دەیەوێ درێژە بەو ئەزمونەی بەعس نەدا لە بەرز هێشتنەوەی ڕۆڵی کۆنەپەرستانەی عەشیرەتدا و ببێتە نموونە و وێنەیەکی جیاواز لە ناوچەکەو لە چەرخی بیست و یەکدا دەبێ خۆی جیا کاتەوە لە هێشتنەوەی ئەو ئامرازانەی بەعس بەکاری هێناوە . ماڵ و موڵکی خەڵک چ کورد چ عەرەب تاوانە بکرێتە تەماح بۆ بەربەریتی خێڵ و عەشیرەتەکان و بۆ یەکلا کردنەوەی کێشە سیاسیەکان . بەخشینی ئەو تەماحانە هیچ جیاوازی نیە لە بەخشینی قۆنتەرات بۆ عەشیرەنە جاشەکان لە سەردەمی ئەنفالدا و بە توندی جێگای مەحکوم کردنە .

## دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان

06-10-2006